# هەر زۆر سادە ئەترسم

**هیوا قادر**

08-05-07



**ئەترسم بڕۆیت،**
**ئەترسم کە ئەمرم تۆ نەیەیت.**
**ئەترسم بێیت و بڕۆیت، بێ ئەوەی بێیتە لام،**
**ئەترسم کە مردم لەپاڵتا وەک تۆ خەمبار بوەستم و کەچی تۆ نەمبینی.**
**ئەترسم، لە ژیان بەبێ تۆ،**
**ئەترسم لە مردن بەبێ جوانی یادوەری،**
**ئەترسم، لە هەموو شتێک،**
**جوانی گوڵێک ئەمترسنێ گەر هەستبکەم ئاشق نیم.**
**من ئاگر ئەمترسێنێ کە هەست بکەم خۆم سارد بوومەتەوە.**
**ئاو ئەمترسێنێت گەر هەموو ڕۆژێک وێردێکی لەسەر نەخوێنم.**
**شەماڵ ئەمترسێنێت گەر هەڵکات و من نامەیەکم بە دەستەوە نەبێت بۆ تۆ.**
**من لە هەموو شتێک ئەترسم**
**بەبێ تۆ.**

**بەبێ تۆ من لە وەڕەی سەگ ئەترسم،**
**لە قوقەی کەڵەشێری بەیانیان گەر تۆ لە پاڵما نەبیت،**
**کە باران ئەبارێ**
**چەترێکی سوورم بەسەرەوە نەبێت ئەوا تۆم لەگەڵ نیت.**
**ئەترسم لافاو وەک بەلەمێکی کاغەز بمبات گەر تۆ نەمگریتەوە.**
**ئەترسم، من ئەترسم**
**لەترپەی دڵی خۆم، لە خەونی پڕ لە مارو مووری شەوان،**
**لەڕاچڵەکین بەدەم هاوارەوە،**
**لە خەونێکدا کە بەفر ئەبارێ و تەنها خرمەی پێڵاوەکانی تۆ بەدوامەوەیە.**
**لە کۆڵانێکدا کە دیوارەکانی پڕە لە جنێوی نووسراو**
**تۆ خەت خەتێنی تیا نەکەیت من ئەترسم،**
**من ئەترسم، لە خۆم کە چەند تەنهام**
**کە چەند تەنهام و کەچی تۆ لێرەنیت.**

تۆ لێرە نیت و من خۆم داوە بەدەم تەنهاییەوە
تەنهایی باسی تۆم بۆ ئەکات و من ئەبم بەتەنها درەختی سەر گردێک.
هەر چاوەڕێم و تۆ نایەیت
تۆ نایەیت و من هەر ئەوەستم،
من ئەترسم و  بەتەنها بێ تۆ ئەستێرە کزەکان ئەژمێرم،
ڕۆژەکانی دووری تۆ، تەمەنی نوح، سەبری ئەیووب
هەمووی تەواوئەبێت و هەواڵی تۆ ئەبێت بە تۆزی هەستاوی دوای سوارێک
کە لە شەڕ پەشیمان ئەبێتەوەو نایەت.
من ئەترسم بێ تۆ بژیم،
من هەر چاوەڕێم و تۆ نایەیت،
زڕەی پێکەکان وەک زەنگی کڵێسا لێئەدات و تۆ دیار نیت،
شانم ئەخەمە ژێر دارە مەیتەکەی خۆمەوەو ئاوڕ بۆ دواوە ئەدەمەوەو
تۆ بەدوامەوە نیت.

ئەترسم، من زۆر ئەترسم، کاتێک بێیت، بەیەکجاری ترس تۆی لەبیر بردبێتمەوە.